دکتورسالح ئیبراهیمی



سوێند ئەخۆم بە پەروەرێنەری خۆرهەڵاتەکان و خۆرئاواکان، ئێمە بەهێزین ﴿٤٠﴾ لەسەر ئەوەی کە بیانگۆڕین و چاتریان بێنینە جێ، لەم کارەدا کەسمان لێ‌پێش نەکەوتووە ﴿٤١﴾ سا تۆ لەوانە واز بێنە با هەر چەنەچەن بکەن و گەپێ بدەن تا بگەنە ئەو ڕۆژەی کە بەڵێنمان پێ‌داون ﴿٤٢﴾ ڕۆژێ کە بەلەز لە گۆڕ دێنە دەرێ، وەک ئەوە بۆ لای بتەکانیان ڕادەکەن ﴿٤٣﴾ لە ترسا چاوشۆڕن و سووکایەتی دەوری داون (و پێیان دەوترێ:) ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە بەڵێنتان پێ‌درابوو ﴿٤٤﴾

## سوورەی نووح ٢٨ ئایەتە

### سوورەی نووح لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٢٨ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

نوحمان ناردە لای هۆزەکەی کە هۆزی خۆت بترسێنە بەر لەوەی ئازار و عەزابی دەرداوییان بگاتێ، ﴿١﴾ وتی: ئەی هۆزم! من بۆ ئێوە ترسێنەرێکی ئاشکرام ﴿٢﴾ کە خوا بپەرستن و لە نافەرمانی ئەو خۆ بپارێزن، بە قسەی منیش بکەن ﴿٣﴾ تا لە تاوانتان دەبووری و تا ڕۆژی دیاری‌کراو مردنتان دوا دەخا، هەرکاتێ ئاکام و ئەجەلی خوا هات، دوا ناخرێ، بریا ئێوە ئەوەتان زانیبا ﴿٤﴾ (نووح) وتی: ئەی پەروەرێنەرم! من شەو و ڕۆژ هۆزی خۆم بانگ‌کرد (بۆ بڕوا هێنان بە تۆ) ﴿٥﴾ بەڵام بانگ‌کردنم بێجگە لە ڕاکردن (لە هەق) شتێکی بۆ زیاد نەکردن ﴿٦﴾ هەرکاتێ بانگم کردن تا تۆ لێیان خۆش‌بی، قامک و تیلیان دەخنیە گوێیان و جلکەکانیان لە خۆیانەوە دەپێچا و پێیان دائەگرت و زیاتر خۆیان قەف ئەکرد و خۆیان بە زل دائەنا ﴿٧﴾ لە پاشان بە دەنگی بەرز بانگم کردن ﴿٨﴾ لە پاشان بە ئاشکرا و بە نهێنی و پەنامەکی پێم وتن ﴿٩﴾ جا پێم وتن لە پەروەرێنەرتان داوای لێبوردن بکەن، چونکە ئەو زۆر لێبووردە ﴿١٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



تا بارانی ئاسمانتان پەیتا پەیتا پەڵەدەرتان بۆ بنێرێ ﴿١١﴾ تا بە ماڵ و منالّ یارمەتیتان بدا و باغ و چۆمە ئاوتان بداتێ ﴿١٢﴾ چتانە کە بۆ خوا گەورەیی و شکۆ دانانێن لیێ ناترسن (یا چۆن لە ڕێز گرتنی خوا بێهیوان. تەفسیری ئەلمەنارو فەخەرازی و کەشاف) ﴿١٣﴾ لە حالێکدا ئێوەی لە قوناغی جیاجیا بەدیهێنا ﴿١٤﴾ ئایا نازانن کە خوا چلۆن حەوت ئاسمانی نهۆم لەسەر نهۆم خولّقاندووە ﴿١٥﴾ مانگی لە نێوانیاندا کردۆتە هۆی ڕووناکی و تەبەقی ڕۆژیشی کردۆتە چرا ﴿١٦﴾ خوا ئێوەی لە زەوی (هەر وەکوو گیایەک) ڕواندووە ﴿١٧﴾ لە پاشان دەتانگێڕێتەوە نێو زەوی و جارێتر دەتانهێنێتە دەرێ ﴿١٨﴾ خوا زەوی (وەک ڕایەخ) بۆ پان کردوونەتەوە ﴿١٩﴾ تا لە ڕێگای پان و بەرین و شیو و دۆڵی ئەوا بێن و بچن ﴿٢٠﴾ نووح وتی: ئەی پەروەرێنەرم! ئەوانە بە قسەیان نەکردم و پەیڕەوییان لە کەسانێ کرد کە ماڵ و منداڵیان بێجگە لە زیان شتێکیان بۆ زیاد نەکردن ﴿٢١﴾ (ڕابەرانی لاڕێ) گزییەکی زلیان سازدا ﴿٢٢﴾ وتوویشیانە: لەوانەی پەرەستووتانن دەس هەڵنەگرن، بەتایبەت لە بتەکانی (وەدد) و (سواع) و (یەعووس) و (یەعووق) و (نەسر) دەسبەردار نەبن ﴿٢٣﴾ زۆرتریان لاڕێ کردوون، دەتۆیش بۆ ستەمکاران بێجگە لە لاڕێیی شتێک زیاد مەکە ﴿٢٤﴾ لەبەر تاوانێ کە کردیان بە ئاو خنکان و ئەوسا خرانە نێو ئاگر، جا ئیتر بێجگە لە خوا یاوەرانێکیان گیر نەهات ﴿٢٥﴾ نووح وتی: ئەی پەروەرێنەرم! لەم سەر هەردە ئەو کەسانەی خوا نەناسن جووقەواریان لێ مەهێڵە ﴿٢٦﴾ چونکا ئەگەر بیانهێڵی، بەندەکانت لە ڕێگا لائەدەن، ئیتر هەر زاڕۆیەکیشیان ببێ تاوانبار و سپلە دەبێ ﴿٢٧﴾ ئەی پەروەرێنەرم! لە من و باوک و دایکم و هەرکەس کە بە بڕواوە بێتە ماڵی من و هەروا لە پیاوانی بڕوادار و ژنانی بەبڕوا خۆشبە و بۆ ستەمکارانیش بێجگە لە تیابردنیان شتێ زیاد مەکە ﴿٢٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi